- بەشی سێهەم -

نووسینی : کلاودیۆ زانینی
وەرگێڕانی لە ئیتالیەوە : یاسینی فەقێ سەعی
١٩٨٦ - ئیتالیا

# هونەری وێنەکێشانی نوێ لە سەدەی بیستەمدا

**١) بزوتنەوەی سورڕیالیزم – Surrealismo** [٣١] . .

لە کۆتایی ساڵی بیستەکانی ئەم سەدەیەدا ، بزوتنەوەی دادایزم هێدی هێدی کۆتایی بە خۆی هێناو بەرەو جیهانی بزوتنەوەیەکی نوێتر ملی ڕێگەی گرتەبەر ، جیهانێك بە شێوەیەکی فراوانترو دەوڵەمەندترو هونەریتر تەعبیر لە بابەت و فۆرمە ناڕاتسیۆنالیەکان بکات و ڕووە شاراوەکانی شێتیەکان نیشان بدات . . ئەو جیهانەیان بە (سورڕیالیزم) ناو برد . . یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٢٤ دا لە شاری پاریس (برێتۆن) Bretonی شاعیر بانگەوازی سورڕیالیستانەی خۆی بڵاوکردەوە . . ئەم بزوتنەوەیە هەر لە یەکەمین هەنگاوەوە لە هەردوو بواری هونەرو ئەدەب دا سەری هەڵدا لەم بارەیەوە (برێتۆن)ی شاعیر بە پێشەوای ڕۆحانی ئەم بزوتنەوەیە ناوبرا چونکە بە قوڵی لە کارەکانی (فرۆید) ی دەروونناسدا قاڵ بووبوو . بە تایبەتی لە ئەزموون و هەنگاوە (بیۆ–پسیکۆلۆجی) [٣٢] یەکانیدا قوڵ بووبووەوە . (برێتۆن) بە ئاشکرا هاواری کرد : (قەبارەی خەونەکان لە سروشتی مرۆڤایەتیدا گرنگیەکی زۆریان هەیە) بێگومان پاش ئەوەی (فرۆید زۆر لایەنی شاراوەی مرۆڤ دۆزیەوە شیکردەوە . .

هونەرمەندان لە بەر ڕۆشنایی ئەو هەوڵ و تۆژینەوانەدا گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە شێوەو فۆرمە هونەریەکان ، تەنیا هۆیەکی گونجاون بۆ ڕوونکردنەوەو دەرخستنی ناوەڕۆکی دیاردەی شێتی – بە مەرجێ (هۆشیاری) [٣٣] بە هیچ شێوەیەك بەشدار نەبێت تیایاندا ، قەبارەی خەون و خەیاڵ زۆر گرنگن ، بەڵام کە دەگەنە (هوشیاری) گرنگیەکان بزر دەبێ و سەرکوت دەکرێن .

سورڕیالیزم دەیەوێ سەربەستی تەواو بداتە ئەو خەون و خەیاڵانە . بەمەش دژایەتی سەرتاسەری نەریت و کلتورە میللیەکانی کۆمەڵ دەکات ، سەرتاپای یاسا لۆجیکەکانی ژیان ڕەفز دەکات ئەمانەش هەر هەموویان لە پێناوی سەلماندنی بوون و تەعبیری ناوەڕۆکی مرۆڤ . .

هونەرمەندانی ئەم بزوتنەوەیە لەو بڕوایەدابوون هەتا بەرهەمەکانیان نالۆجیکتر بن ، بەهێزتر دەبن . . وایان لێك دەدایەوە هەتا خەون و خەیاڵەکان لە هوشیاریەوە دوورتربن ، پەیوەندیان بە حەقیقەتی مرۆڤەوە پتەوتر دەبێ .

ئەوەتا (دالی Dali) ی هونەرمەند بەهۆی دەربڕینی خەونەکانەوە (ماسۆن Masson ١٩/١٨٩٦) لە ڕێگای نووسینە ئاوتۆماتیکیەکانەوە ، (ئێرنست Ernst ١٩٧٦/١٨٩١) لە ڕێگای شێوە فۆرمە تەماوی وتەواو نەبووەکان و جەنجاڵی و تێکەڵ وپەلی ڕەنگەکانەوە ، توانیویانە بەهێزترین و جوانترین بەرهەمی هونەری بهێننە ژیانەوەو بەووردی و توانایەکی بەرزی هونەریەوە قوڵترین ناوەڕۆکەکانی مرۆڤ بدرکێنن . ئەمانە جگە لە ڕۆڵی دیاریکراوی (پیکاسۆ –







سوڕ یالیستێك لە کوبیزم‌دا)[٣٤] هەوڵێکی زۆری داوە بۆ دانانی بابەت و فۆرمەکان بەشێوەیەکی نارێك کە بوەتە هۆی سەرلەنوێ سەوزکردنەوەو ژیانەوەی پاڵنەرە قوڵەکانی دەروونی مرۆڤ . .

**۱۲) هونەری وێنەکێشانی مێتافیزیکی**
**La Pittura Metafisica** [٣٥] .

ئەم ڕێبازە هونەری‌یە لە دەوروبەری ساڵەکانی ۱۹۱٤ هەتا ساڵی ۱۹۲۰ لە ئیتالیا سەری هەڵدا ، لەسەر دەستی (دی‌کیریکۆ – De chirico)ی هونەرمەند پەرەی سەند . (دی‌کیریکۆ) هەوڵی دەدا ئەوە بسەلمێنێ کە (هونەر) حەقیقەتێکی دیکەیە ، جیاوازە ، خاوەنی تایبەت مەندێتی خۆیەتی . هەروەك چۆن مێتافیزیك (المیتافیزیقا) لە بیرو بۆچوونەکاندایە ، واتە لە دەرەوەی مێژوودایە ، لە بوارێکی داخراودایەو تەنیا خۆی دەتوانێ خودی خۆی بسەلمێنێ . . لەبەر ڕۆشنایی ئەم بیرو بۆچوونەدا ، ڕێبازە هونەری‌یەکەی ناونا – مێتافیزیك – .

لە هونەرمەندە ئیتالی‌یەکان (کارڕە – Carra) ماوەیەکی کەم بەشداری ئەم ڕێبازە هونەری‌یەی کردو بە هاریکاری لەگەڵ (دی‌کیریکۆ) دا سەرەتا لە ساڵی (۱۹۱۷)ەوە قوتابخانەیەکی هونەری‌یان دروست‌کردو سەرەتاکانی ئەم بۆچوون و جیهان بینی‌یەیان پێکەوە دارشت . . ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە (مۆراندی Morandi ۱۸۹۰/۱۹٦٤)ی هونەرمەند لە شاری (ڕۆما) ساڵی ۱۹۲۷ قوتابخانەی ڕۆمای هونەری دامەزراند .

(مۆراندی) لە سەر بناغەیەکی (سیزان)ی هەوڵێ دەدا بۆ هێنانە کایەی زمانو فەرهەنگ و تەکنیکێکی ووردو ناسك و پڕ لە هەست و سۆزی هونەری ، بۆ ئەم مەبەستە لە قوتابخانەکەیدا ئەم هونەرمەندانە بەشداریان کرد : (شیپیۆنی – Scipione ۱۹۰٤/۱۹۳۳) ، (مافای – Mafai ۱۹۰۲ – ۱۹٦٥) .

لە هەمان کاتدا لە شاری (میلانۆ) گروپێکی دیکە لە هونەرمەندان کەوتنە کارکردن و هاتنە ناو کۆڕی گەرمی ئەم هەموو ڕێبازو بۆچوونە جیاوازانەوە ، ناسراوترین هونەرمەندەکانی ئەم گروپە (گوتۆزۆ – Guttuoso ۱۹۱۲)ی هونەرمەند بوو .

**پاش جەنگی جیهانی :**

**۱۳) هونەری «کینێتیك» و ئیشی زەیتی**[٣٦] . .

جەنگی جیهانی بووە هۆی دروست‌کردنی چەندین مەرگەسات و کارەساتی ئازاراوی و خەم و فرمێسکانەش لە بواری هونەری وێنەکێشاندا چەندین شاکارو داهێنانی نوێی هونەری هێنایە ژیانەوە .

بە درێژایی ئەو سەردەمە تاڵەی مەرگ و تەنگوچەڵەمەو ناخۆشی بەسەر مرۆڤ‌دا دادەباری ، لەیەك دابڕان و پچڕاندنێکی بەهێزو ترسناك لە نێوانی «هونەر» و «کۆمەڵگا»دا پەیدابووبوو . لەو وەزعەدا پێشبینی مردن و لەناوچوونی هونەر دەکرا ، بەڵام بە پێچەوانەوە . ئەزموون و کارە هونەری‌یە ئیستێتیکی‌یەکان بە شێوەیەکی بنچینەیی ئەم بۆچوونەیان سڕی‌یەوە ، گۆڕانی فرە کاریگەر بەسەر هونەردا هات . . ئەگەر جەنگ بووبێتە هۆی ئەوەی بەرهەمە هونەری‌یەکان لە پێناوی سوودو قازانج‌دا زیاد بکات ، ئەوا لەلایەکی دیکەوە «هونەر» وەك ویژدانێکی ئاگادار هەست بەو هەموو ئەزمانە دەکات و بە دژ خراپەکانیان ڕادەوەستێ . .

لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، هونەرمەند (مۆهۆلی ناگی ۱۸۹٥/۱۹٤٦) درێژە بە هەنگاوەکانی قوتابخانەی «باوهاوز» دەدات و بە هۆی چەند بەرهەمێکی هونەری‌یەوە ڕێبازی «هونەری کینێتیك» دادەمەزرێنێ ، هەوڵ دەدات پەیوەندی‌یەکانی نێوان «جوڵە» و «ڕووناکی» ، لەو کارە هونەری‌یانەیدا ڕوون بکاتەوە . . بەهەمان مەبەست و ئامانجەوە ، ئەم هونەرمەندانەی لای خوارەوە لەسەر ئەو ڕێبازە هونەری‌یە دەست بەکارکردن دەکەن : (بال Ball ۱۹۰۸/ ) ، (ئالبێرس Albers ۱۸۸۸/۱۹۷٦) ، (ئەمانەش هەر دووکیان لە سەرەتادا لە قوتابخانەی «باوهاوز»دا



كاريان دەكرد . .) ، (مۆنارى Munari ١٩٠٧) . (ڤيرۆنێرى – Veronesi ١٩٠٨/ ) .

لە كۆتايى ساڵى «پەنجاكان»دا لە ئەمەريكا ، ڕێبازێكى هونەرى نوێ سەرى هەڵدا بە ناونيشانى «ئيشى زەيتى – Action Painting» مەبەستى سەرەكى ئەم ڕێبازە وەك تەكنيكێكى هونەرى نوێ ، ئەوەبوو شان بە شانى مۆسيقاى «جاز Jazz[٣٧]» تەعبير لە جەنجاڵى كۆمەڵگايەكى «پراگماتيس»[٣٨]ى بكات . دەيان ويست لە كۆمەڵگايەكى ئاوادا بجوڵێنەوەو لە خزمەتى سيستەمى ئابورىدا كارنەكەن ، تەنها لە پێناوى ئەوەدا كە بتوانن تەعبيرێكى ڕاستگۆيانە بكەن‌و (بوون)و مانەوەى خۆيان بپارێزن . ئەم هونەرمەندانە بەشدارى ئەم ڕێبازەيان كردووە :

(پۆلۆك – Pollock ١٩١٢/١٩٥٦) . – ئەم هونەرمەندە توانى بە هۆى شێوە دەربڕينێكى ئاوتۆماتيكى‌يەوە كە پێ‌ى دەوترێ تەكنيكى (دريپينگ – Dripping) سەرتاپاى ئەو شێوە فۆرمانە بخاتە بەرچاو كە (هۆشيارى) دەبێتە هۆى شاردنەوەيان – (دێ كۆنينگ De Kooning ١٩٠٤) ، (گۆركى Gorky ١٩٠٤/١٩٤٨ – ئەمە هونەرمەندێكى ئەرمەنى بووە –) ، (تۆبى Tobey ١٨٩٠/١٩٧٦) ، (كلينێ Kline ١٩١٠/١٩٦٢) ، (ڕۆذكۆ Rothko ١٩٠٣/١٩٧٠) . .

**١٤) لە «هونەرى وێنەكێشانى بێ‌شێوە» وە بۆ هونەرى خاوەن پرۆگرام[٣٩] .**

لە ئيتاليا ، پاش تەواو بوونى شۆڕشى ڕزگارى خوازى‌و سەركەوتن بەسەر فاشى‌يەكاندا ، بوارێكى پڕ لە هيواو گۆڕانكارى‌يەكى فرە هاتە پێشەوە ، ئەو گۆڕانكارى‌يە كۆمەڵايەتى‌و سياسى‌يەى كە توانى پارسەنگى گشت ئەو دەقە ئەدەبى‌و بەرهەمە هونەرى‌يانە بداتەوە كە لە نيوەى يەكەمى ئەم سەدەيەماندا هێنرابوونە بەرهەم . .

لە سايەى ديموكراسى‌يەكى نوێدا لە نێوانى «ڕياليزم» و «فۆرماليزم[٤٠] – Formalismo»دا كۆڕو گفتوگۆيەكى هونەرى‌و ئەدەبى دەستى پێ‌كرد ، هەوڵيان دەدا بۆ لە چوارچێوە نان‌و ڕێكەوتن لەسەر ئەرك‌و فەرمانى كلتورى و سياسى بەڵام (ڕياليزم) دەى‌ويست هونەر ببەستێتەوە بە خەباتى چينە بن‌دەستەكانەوەو «فۆرماليزم» يش لەسەر هێڵى قوتابخانەى «باوهاوز» لە پێناوى بەرهەم‌هێنانى پيشە سازى‌دا ، دەى‌ويست بنەمايەكى پرۆژەسازى بۆ هونەر دابڕێژێ ، لەبەر ئەم جياوازى جيهان بينى‌يە ، جگە لەوەى هيچ لايەكيان لە پرۆژەكانى خۆياندا سەركەوتوو نابن ، هەردوولا بەرەو ڕێڕەوى ئينتەرناسيونالى لادەدەن‌و دەكەونە تەعبيركردنى ئەزمە تايبەتى‌يەكانى هونەر بە شێوەيەكى گشتى ، هەوڵى توێژينەوە دەدەن لەسەر «هوشيارى هونەرى» . لە پاش چەندين گۆڕانكارى لە دەسەڵات‌و ڕژێمى وولاتانى ئەوروپادا ، پاش ئەوەى چينە خۆپارێزەكان دێنەوە سەردەسەڵات ، پاش ئەوەى شەڕى ساردو بێ‌دەنگى دوو دەسەڵاتە گەورە جيهانى‌يەكە هەست پێ دەكرێت ، چەندين ئەزمەو تەنگوچەڵەمەى هونەريش پەيدا دەبن‌و ئيتر ئەم دوو ڕێبازە هونەرى‌يە بێ‌هيوا دەڕوانن شتەكان‌و بە دڵنيايى‌يەوە دەگەنە ئەو بڕوايەى كە هەرگيزاو هەرگيز بابەت‌و مەسەلەكان ناگەنە شوێنى پێويست‌و تايبەتى خۆيان . . بەم شێوى‌يە لەو سەردەمەدا هونەرى (بێ‌شێوە) پەيدا دەبێ ، واتە هونەرى «Informale – ئينفۆرمالى» .

بەرهەمەكان لەو شێوەو فۆرمە نالۆجيك‌و ناراتسيۆنالى‌يانە پێك دێن كە ناتوانن بوارێكى ئيستێتيكى دروست بكەن ، بگرە بەو جەنجاڵى پيشاندان‌و جوڵەو فلچە وە شاندنە خێراو بێ‌سەرو بەرەيە هەروەك پێشتر لە كارە هونەرى‌يەكانى «Action Painting»ى ئەمەريكى‌يەكادا بەرچاومان كەوتون – لەلاى (هارتونگ Hartung ١٩٠٤)ى ناسراوترين هونەرمەندى ئەم ڕێبازە ، بەوە لێك دەدرێنەوە كە زەقترين‌و قورسترين نيشانەى سڕينەوەو ڕەفزكردن‌و بەرپەرچ دانەوەى بابەت‌و مەسەلەكان . . لەلاى (سۆلاژ Soulages ١٩١٩)ى



هونەرمەندو (ڤیدۆڤا Vedova ١٩١٥) بە هۆی چەندین مەتێریالێ نارێك و پێك‌و (ماگنایی)[٤١] بەوە ئەم تەعبیرە دەگەیەنن . . لەلای گروپی هونەرمەندانی ناسراو بە (کۆبرا Cobra)[٤٢] وەك : (دوبوفێ)و (فاوەتغێ) و (بوررِی) بە هۆی بەکارهێنانی گونی‌یەو پارچە تەختەی سووتاوەوە ئەم هەڵوێستە دەخەنە بەرچاو . . هەروەها (تاپیێ Tapie ١٩٢٣) ی هونەرمەند ئەم مەسەلەیە بە هۆی ئەو دیوارە تایبەتی‌یانەوە دەردەبرێ کە لە تابلۆکانیدا بەرچاو دەکەون . . شان بە شانی ئەم جوڵە و خێرایی‌و فلچە وەشاندن‌و هێزی پل‌و پەنجەیەوە . شاعیرێتی‌یەکی تایبەتی هەست پێ دەکرێ کە شێوازو شێوەیەکی دیاری‌کراوی خۆی هەیە (ڤۆڵس)ی هونەرمەند لەسەر هێڵی کارکردنی (کلێ) زۆر شارەزایانە ئەم شێوازە تایبەتی‌یەی ئەم شاعیرێتی رێبازە هونەری‌یە خراوەتە بەر چاو . . (ڤۆنتانە Fontana ١٨٩٩/١٩٦٨)ی هونەرمەندی ئیتالی گۆرانێکی گەورە لەم رێبازەدا دەکات‌و هێزی پل و پەنجەو خێرایی جوڵە لەگەڵ ئەو شاعیرێتی و شێوازە تایبەت مەندەدا لەیەك دەدات‌و دەیکاتە تەکنیکێکی هونەری نوێ . ئەمەش بە شێوەی (پارچە پارچە کردن)و (دراندن)ی شتەکان نیشان دەدات‌و سنووری ئاسایی‌و عادەتی تابلۆ بەجێ دێڵێ‌و هەر بەتەواوی رەفزی بوارێکی دیاری کراو دەکات بۆ کارە هونەری‌یەکانی . .

هەندێ لە هونەرمەندان ئاور لە شاعیرێتی دادایی‌یەکان دەدەنەوەو بیروباوەرو بۆچوونەکانی ئەوان دوپات دەکەنەوەو سەربەخۆیی‌و ئاوتۆنۆمی هونەرمەند دەدرکێنن‌و دەسەڵاتی – مطلق – ی هەڵبژاردن‌و دانانی شتەکان بە ئیستێتیکی دەدەنەوە دەست هونەرمەند ، لەو هونەرمەندانە (کلێن Klein ١٩٢٨/١٩٦٢)و (مانسۆنی Manzoni ١٩٣٣/١٩٦٣) بە مامۆستایانی ئەم ئاوردانەوەیە دادەنرێن ، بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم رایەش بروانە کارەکانی (ئارمان Arman ١٩٢٨) کە لە دابەش‌کردنی شتەکان پێك هاتووە ، لەلای (رۆتێللە Rotella ١٩١٨) بووە بە مانیفێستە دراوەکان . . ئەمانە هەموو بەڵگەی شاعیرێتی دادایی‌یەکانە ، ئەمانە سەرەرای ئەو شێوەسازی‌یە نوێ‌یەی کە (باکۆن Bacon ١٩١٠)ی هونەرمەند هێنایە کایەوە .

لە ساڵی «شەستەکان»دا ، گروپێ لە هونەرمەندانی شاری «میلانۆ»ی ئیتالیا (هونەری خاوەن پرۆگرام – Larte Programmata ) یان دامەزراند بۆ ئەمە چەندین ئەزموون‌و هەوڵی بێ‌پایانیان‌دا ، لە لوتکەی ئاوتۆنۆمی کارکردن‌و توێژینەوەدا ، بە تواناو هیوایەکی مەزنەوە ، توانییان توێژینەوەیەکی فرە بەهێز دەربارەی مەسەلەی «بینینە – نەفس‌یەکان» بە ئەنجام بگەیەنن ، دەوری گرنگی هەست‌و بۆچوونەکانیان خستە روو ، بەم هەڵوێستە بەرامبەر بە گشت سنوور بۆ دانانێکی هونەری وەستانەوە . . (ڤازەرێلی Vasarely ١٩٠٨)ی هونەرمەند بە هۆی توێژینەوەکانی لەسەر (بینینە – کینێتیك)ی یەکان و لێکۆڵینەوە تایبەتی‌یەکانی هونەرمەندە ئەمەریکی‌یەکان لەسەر مەسەلەی بینینی پوخت‌و بینینی بێ‌هیچ تەعبیرێك بەڵگەی تەواوی سەلماندنی ئەم رایەمانن ، هەروەها لەلایەکی دیکەوە بەرهەمەکانی (نیومان Newman ١٩٠٥/١٩٧٠)و (نۆلاند Noland ١٩٢٤)ی هونەرمەند بەڵگەی تەواوی ئەم رێبازە هونەری‌یە نوێ‌یەن . .

**١٥) دیاردەی «پۆپ ئارت – Pop Art» و ئۆپ ئارت – Op Art**[٤٣] . .

لە ئەمەریکا هەندێ لە هونەرمەندان دیاردەی «پۆپ ئارت» یان دروست‌کرد ، ئەم دیاردەیە رەگەکانی دەگەرێنەوە



بۆ زەمینەی کارە هونەری یەکانی (ڕۆشنبیرگ – Rauschenberg ۱۹۲۵)ی هونەرمەند ئەوانەی لە کۆتایی ساڵی پەنجاکاندا هێنابوویە بەرهەم ، و سەرتاپای پارچەپارچەیی حەقیقەتێکی نرخ نەماوی تێدا کۆکردبووەوە . هەروەها بەرهەمەکانی (جۆنس Johns ۱۹۳۰) کە بە شێوەو ڕوخسارە نالۆجیکی یەکان سیمای ئەمەریکایەکی نەگونجاوو هەڵەشەی نیشاندابوو . لە لایەکی دیکەوە هونەرمەندان (دینی Dine ۱۹۳۵)و (ئۆلدێنبورگ ۱۹۲۹) بە هۆی بابەتێکی بەرهەمهێنراو لە نەخش‌و نیگارەکانی پڕوپاگەندەوە ، سەرکەوتوانە توانیبوویان ڕوخسارو شێوەی هەرە نەگونجاوی ئەمەریکایەك بخەنە بەرچاو کە «هۆشیاری‌و بیری ئەمەریکی» هاوار دەکات‌و گوێ گرەکانیش لە بەردەمیدا هیچ نابیستن . .

لە لایەکی دیکەوە (لیکتنستین Lichtenstein ۱۹۲۳)و (ڤارۆك Warhol ۱۹۳۰) دەستیان کرد بە زنجیرەیەك توێژینەوەو لێکدانەوە لە پەیوەندی‌و هۆیەکانی بڵاوکراوەو چاپەمەنی یەکان لە گەڵ جەماوەردا ، لە یەکەم هەنگاودا شێوەسازی چیرۆکە وێنەیی یەکان و لە دووەم هەنگاودا دوپات کردنەوەو زۆر سەرف کردنی بیرۆکەو دیمەنە هاوشێوەکان دەخەنە بەرچاوو بە قوڵی لێ ی دەکۆڵنەوە . .

لە هەمان کاتدا ، هەندێ هونەرمەند بزوتنەوەی ئۆپ ئارت Op Art واتە هونەری بینین – » دادەمەزرێنن ، ئەمەش لەسەر بناغەی کاردانەوەو کارتێکردنە . . بینینی یەکان‌و ئەنجامەکانی لەبەر ڕۆشنایی بیرو بۆچوونی «سۆفیزم»دا دێتە کایەوە ، مەبەستی سەرەکیان لەوەدا کۆدەبووەوە کە شێوەو فۆرمەکان زیاتر بکەنە ئەندازەیی . .

**۱٦) هونەری هەژار – LArte Povera)** ، **(هونەری لەش Body Art)** ، **هونەری زەوی – Land Art)** ، **(هونەری بۆچوون – LArte Concettuale)**[٤٤] .

لە جەمسەرێکی دیکەوە ، کۆمەڵی هونەرمەند لە دەوروبەری ساڵی ، حەفتاکان»دا ، بانگەوازی جیهان‌بینی یەکی نوێیان بڵاوکردەوەو کەوتنە بەرپەرچ دانەوەی کۆمەڵگای هاوچەرخ‌و ڕەفزکردنی ڕۆڵی هونەرمەند لە کۆمەڵگایەکی دەوڵەمەندا ، (هونەری هەژار) دروست بوو . سەرتاپای پەیوەندی یەکانیان بەو کۆمەڵە کەپیتالیستەوە پچڕاند کە هەموو شتەکان لە چوارچێوەیدا بووبوونە کەل‌وپەل .

بەرهەمە ئێستێتیکی یەکان تەنیا هۆیەکن کە هونەرمەند دەتوانێ بە هۆیانەوە جەماوەرێکی ڕۆژانەی هەل‌پەرست بەدوای خۆیدا بەرێت . ئەم بەرهەمانەش بەهۆی تەکنیك و مەتێریاڵە سەرەتایی یەکانەوە دەگەنە ئەنجام ، بابەتی سەرەکی‌و ناوەڕۆکی هەمیشەیی ئەو بەرهەمانەش (دەم‌و چاوو بەژن‌و باڵاو لەش)ی مرۆڤە لە ڕێبازی (هونەری لەش)دا ، لە (هونەری زەوی)دا ئەو بابەتانە دەبنە (دیمەنی گوند ، ناوچە ، پارچە زەوی ، کۆڵانی) بێ گومان ئەم بابەتانەش هونەرمەند دەبێت بە کالآیەکی ئێستێتیکییەوە بیانخاتە بەرچاو . . لە (هونەری بۆچوون)دا ڕاستەوخۆ کارە ئێستێتکی یەکە لە ناوەوەی هونەرمەندا ، لە بۆچوونەکانیدا بە شێوەیەکی پڕۆژە سازی پوخت دەهێنرێتە بەرهەم ، مەبەستی سەرەکی لێرەدا هێنانەکایەی پڕۆژەیەکە ، هەرچۆنێ بێت‌و هەرچی یەك بێت ، گرنگ ئەوەیە لە پێناوی سیستەمی قازانج‌و دەستکەوت‌دا بێت . ئەم ڕێبازە مەترسیەکی گەورە بۆ هونەر نزیك دەکاتەوە بەوەی کە سەرتاپای زانین‌و تێگەیشتنەکانی کارە هونەری یەکان ڕەفز دەکرێت و هەر هەموو لە بواری تەسکی دەسکەوت‌دا کۆدەکرێنەوە ، بە تایبەتی لە کۆمەڵگای ئەمرۆدا کە (هۆشیاری سوودو دەستکەوت) شۆڕشگێڕانەو شێلگیرانە پەرە دەستێنێ‌و بۆ پێشەوە دەچێ‌و سیستەمی ئابوری کە پیتالیزم گەشتۆتە قۆناغی کە پیتالیزمی نوێ . .

۳۱ – (Surrealismo – سوریالیزم) ئەم زاراوەیە لە دو بەش پێکهاتووە یەکەم / (Su سو واتە

(لەسەر ، یان ، سەروو) . دووەم / Realismo – ڕیالیزم ) واتە (الواقعیة) ، بەڕای ئێمە لە بری (السریالیة)ی عەرەبی (سوریالیزم) باشترە بەکاربهێنرێ .

٣٢ – (هۆشیاری) لێرەدا ئێمە لەبری (الوعي) عەرەبی بەکارمان هێناوە لە باسەکەماندا مانای ئەو هوشیاری‌یە دەبەخشێ کە مرۆڤ لە ژیاندا لە ڕێگای بینین‌و بیستن‌و ئەزموونەکانەوە فێری دەبێت . واتە لە باسەکەدا بەرامبەر بە زاراوەی (العقل التجریبي)ی عەرەبی‌یە .

٣٣ – Bio – Psicologia = بیۆ – پسیکۆلۆجیا) ئەو بەشەی زانستی (بیۆلۆجیا – Biologia) یە کە تایبەتە بە چۆنێتی پێکهاتنی ئامێرە نەفسی‌و مێشکی‌یەکانی مرۆڤەوە .

٣٤ – Surrealista nel cubismo – سوریالیستی لە نێو کوبیزم دا ئەم شێوە ناونانەی – پیکاسۆ – دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرهەمانەی کە لە ڕوویکەوە (سوریالیستن)و لە ڕوویەکی دیکەوە سەر بە بزوتنەوەی «کوبیزم»ن . . واتە سوریالیستن وەك شێوەی دانان‌و دروست‌کردنی بواربۆبابەتەکان ، بەلأم تەکنیکەکە «کوبیزم»ی یە .

٣٥ – (هونەری وێنەکێشانی مێتافیزیك – La Pittura Metafisica) زاراوەی – مێتافیزیك – مێتافیزیچزم – بەرامبەر بە زاراوەی المیتافیزیقا – یە کە لە عەرەبی‌دا بەکارهاتووەو مانای ما وراء الطبیعة دەبەخشێ بە شێکە لە فەلسەفەی ئەنتۆلۆجیا – زانستی بوون» وە «کۆزمۆلۆجیا – زانستی ڕەسەنی گەردوون‌و چۆنێتی پێکهاتنی» .
ڕاسترین خوێندنەوەی ئەم زاراوەیە لاتینی‌یەکەیەتی واتە «مێتافیزیك» .

٣٦ – Larte Cinetica – وەیان – Kinetic Art) واتە هونەری جوڵەیی ، چالاکی ، (Action Painting) زاراوەیەکی ئینگلیزی‌یەو مانای «ئیشی زەیتی» دەگەیەنێ‌و ئەو جۆرە ئیشکردنەیە کەهونەرمەند بۆیەی – زەیتی – وەیان – ڕۆن – بەکار – دهێنێ .

٣٧ – «مۆسیقای جاز – Jazz» لەو شێوە مۆسیقی‌یە نوێ‌یەیە کە بە ئامێرە نوێ‌یەکان لێ دەدرێ لەلای خۆمان بە (مۆسیقای ڕۆژئاوایی) ناسراوە ، چونکە شوێنی سەرهەڵدانی ئەم شێوازە نوێ‌یە ڕۆژئاوا وەیان وولأتانی ڕۆژئاوایە .

٣٨ – Pragmatismo – پراگماتیزم) زاراوەیەکی لاتینی‌یە . ئەو کۆمەڵە بیروباوەڕە دەگرێتەوە کە بروایان بە لایەنە تیئۆری‌یەکان نابێت تەنها پاش سەلماندن‌و تاقی‌کردنەوەیان .

٣٩ – Larte Informale – هونەری بێ‌شێوە) ئەمە زاراوەیەکی ئیتالی‌یەو بە (هونەری ئینفۆرمالی) دەخوێندرێتەوە . (هونەری خاوەن پرۆگرام –Larte Programmata ) هەمان شێوە ئیتالی‌یەو ووشەی (پرۆگرام) لە کوردی‌دا هەر لە زووەوە بەکار هێنراوە .

٤٠ – Formalismo – فۆرمالیزم) زاراوەیەکی لاتینی‌یە . بریتی‌یە لە ڕێبازێکی هونەری کە کارە هونەری‌یەکان بەتەنها لە ڕووی (فۆرم) ەوە واتە «ڕوخسار» ەوە هەڵدەسەنگێنێ . بە عارەبی «التشکلیة»ی پێ دەوترێ ئەم زاراوەیە جگە لە هونەر لە زۆر بواری دیکەدا بەکاردێ .

٤١ – Magma – ماگما) ئەو مادە شاراوەیەی ناوجەرگەی زەوی‌یە کە لە هەویرێکی گڕ گرتوو دەچێ ، لە ساردبوونەوەیدا دەبێتە بەردی بورکان . .

٤٢ – Cobra – کۆبرا) ناوی گروپێکی هونەری جیهانی‌یە ، خاوەنی شاعیرێتی‌یەکی تەعبیری‌بوون ، سەرەتا ئەم ناوە (ڤۆتیرمۆنت)ی شاعیر داویەتە پاڵ ئەو کۆمەڵە هونەرمەندە .

٤٣ – Pop Art – پۆپ ئارت) ئەم زاراوەیە کورت کراوەی Popular Art)ەو مانای «هونەری جەماوەری» دەبەخشێ . (Op Art – ئۆپ ئارت) کورت کراوەی زاروەی Optical Art)ەو مانای «هونەری بینین» دەبەخشێ .

٤٤ – (هونەری هەژار – LArte Povera – یان – Poor Art)
(هونەری لەش – Bod Art)
(هونەری زەوی – Land Art) .
(هونەری بۆچوون – LArte Concettuale – یان – Conceptual Art .

## پاشکۆی هونەری وێنەکێشانی نوێ

## لیستەی هونەرمەندان

١ – Hans Arp هانس ئارپ ١٨٨٧/١٩٦٦) هونەرمەندی وێنەکێش‌و پەیکە رتاشی بە ناوبانگی ئەڵەمانی‌یە .

٢ – Francis Bacon فرانسیس باکۆن ١٩٠٩/ ) هونەرمەندێکی ناوداری ئینگلیزی‌یە ، بە ڕەسەن ئیرلەندی‌یە .

٣ – Max Beckmann – ماکس بێکمان ١٨٨٤/١٩٥٠) هونەرمەندێکی ئەڵەمانی‌یە ، ساڵی ١٩٣٧ لە ترسی نازی‌یەکان ئەڵەمانیای بەجێ هێشتووەو بۆ (١٠) ساڵ لە (ئەمستەردام) ژیاوەو پاشان بە یەکجاری چووە بۆ (نیویورك) و هەرلەوێ کۆچی دوایی کردووە .

٤ – G. Braque – ج . براك ١٨٨٢/١٩٦٣) هونەرمەندێکی فەرەنسی بووە لە بزوتنەوەی (فوڤیزم) و (کوبیزم)دا بە شداربووە ، بەیەکێ لە هونەرمەندە هەرە زیرەکانی کلتورو هوشیاری فەرەنسی دادەنرێت .

٥ – (A. Burri – ئـ بورری ١٩١٥/ ) هونەرمەندێکی ئیتالی‌یە ، ساڵی ١٩٤٤ کۆلیژی پزیشکی تەواوکرد ، ئارەزووی هونەری هەبوو ، تا دەهات زیاتر بەرەو ئەم جیهانە هەنگاوی دەنا ، هەتا بە تەواوی خۆی بۆ تەرخان‌کرد ، بە زۆر مەتێریاڵی جیاواز چەندین بەرهەمی هونەری بە هێزی هێناوەتە ژیانەوە بە (ئاسن ، تەختە ، گونیە ، پلاستیك . . هتد) ئیشی‌کردووە . . یەکێکە لە هونەرمەندە ناودارەکانی ئەمڕۆ .

٦ – Paul Cezanne – پۆل سێزان ١٨٤٩/١٩٠٦) یەکێکە لە هونەرمەندە ناودارە فەرەنسی‌یەکان ، پاش تەواو کردنی کۆلیژی حقوق بڕیاری چارەنووسی خۆی‌دا کە ببێتە هونەرمەند‌بەرهەمەکانی سێزان بەسەرتاپای جیهادا بلأوبوتەتەوە ، خاوەنی هونەرو تەکنیکێکی تایبەتی خۆیەتی هاورێ‌و مامۆستای زۆر هونەرمەندی جیهانی‌بووە .

٧ – Marc Chagall – مارك شاگاڵ ١٨٨٧/ ) هونەرمەندی ناوداری ڕووسی‌یە ، بە ڕەسەن جولەکەبووە ، وەك هونەرمەند بەشداری شۆڕشی ئۆکتۆبەری کردوو ، لە مۆسکۆ پەیمانگایەکی هونەری تایبەتی خۆی دامەزراندووە . ساڵی ١٩٢٢ وولأتی جێ‌هێشتووەو لە «پاریس» نیشتەجێ‌بووە .

٨ – Salvador Dali – سەلڤادۆر دالی ١٩٠٤/ ) هونەرمەندی هەرە بەناوبانگی ئەم سەدەیەمانە ، بەڕەسەن خەڵکی ناوچەی «کەتەلانیا»ی ئیسپانی‌یە . لە (مەدرید) خوێندنی تەواو کردووە و سەرەتای چالاکی هونەری تیا دەست‌پێ کردووە ، بە شداری زۆربەی بزوتنەوە هونەری‌یەکانی ئەورووپاو جیهانی کردووە . لە (سوریالیزم)دا بە تەواوەتی قوڵ بۆتەوەو بەرهەمەکانی ناونیشانی بەهێزترین و هونەری‌ترین تابلۆکانی ئەم سەدەیەمانی پێ بەخشراوە ، (دالی) لە بواری ئەم هونەرەدا ئەمڕۆ بۆتە سیمبۆلێك‌و بە بێ باس‌کردنی ئەم هونەرمەندە مەحاڵە گفتوگۆیەك لەسەر هونەری وێنەکێشانی نوێ .

٩ – R. Delaunay – ر . دیلۆنی ١٨٨٥/١٩٤١) هونەرمەندێکی فەرەنسی‌یە ، لە زۆر بزوتنەوەی هونەری‌دا بەشداربووە ، بەهاریکاری لەگەڵ «سۆفیا»ی ژنی‌دا کە ئەویش هونەرمەند بوو ، توانی لە ناو (کوبیزم)دا ڕێبازی «ئۆرفیزم» دابمەزرێنێ .

١٠ – Otto Dix – ئۆتۆ دیکس ١٨٩١/١٩٦٩) هونەرمەندێکی ئەڵەمانی‌بووە ، نازی‌یەکان هەر لە سەرەتاوە بە دوژمنی خۆیانیان زانیووە و لە وولأت دەریان کردووە ، ئەم هونەرمەندە زۆر زیرکانە توانی بابەتە دینی‌یەکان بە شێوەیەکی تەعبیری زۆر سەرکەوتوانە بخاتە ڕوو .

١١ – M. Duchamp – م . دوشامپ ١٨٨٧/١٩٦٨) یەکێکە لە ناودارترین هونەرمەندە فەرەنسی‌یەکانی ئەم سەدەیەمان ، لە خێزانێکی هونەری‌دا هاتۆتە ژیانەوە (ڤیلۆن دوشامپ)و (جاکوێس دوشامپ) هەردوو برای هونەرمەند بوون‌و یەکەمیان پەیکەرتاش‌و دووەمیان وێنەکێش بووە . . هونەرمەند دامەزرێنەری «دادایزم» بووەو هەتا مردن لەسەر

ڕێبازی «سوریالیزم» ماوەتەوە . . ئەمڕۆ پڕ بە هاترین سەرمایەی بۆ نەوەکانی جێ‌هێشتووە ، کە پێناڵ ئەم خێزانە ، ئەمڕۆش بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین خێزانەکانی فەرەنسا دادەنرێن .

١٢ – L. Feininger – ل . فێنینگەر – ١٨٧١/١٩٥٦) یەکێکە بە هونەرمەندە ئەڵمانی‌یەکان ، دایك‌و باوکی مۆسیقاژەن بوون . لە قوتابخانەی «باوهاوز»دا مامۆستابووە ، بەشداری بزوتنەوەی «دێ بروکێ»و «ئەسپ سواری شین» ی کردووە ، لە بواری ئیشی گرافیك‌دا گەلێ بەناوبانگە .

١٣ – Vasilij Kandinskij – ڤازیل کاندینسکی ١٨٦٦/١٩٤٤) بە ناوبانگ ترین هونەرمەندی ڕووسی‌یە ، ساڵی ١٨٩٢ کۆلێژی یاسای تەواوکردووە ، بە قولێ لە هونەری (گۆگان) و (ڤانکوخ) و (سێزان)دا شارەزابووە ، دەربارەی هونەری وێنەکێشان‌و دەروون – ناسی» مناڵان چەندین لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی کردووەو چەندین نامیلکەی لەسەر ئەم بابەتانە بەزمانی ڕووسی‌و ئینگلیزی بلاوکردۆتەوە ، لەبەر ئەو بیروباوەرە «ئایدیالیست – مثالی »ەی هەی‌بووە ، چەند جارێك ڕووسیای بە جێ‌هێشتووە ، دواجار پاش کۆچی دوایی – لینین – بە یەکجاری لە وولات هاتۆتە دەرەوەو لە ئەمەریکا کۆچی دوایی کردووە ، بە شارەزاترین هونەرمەندی (وێنەکێشانی مناڵان)و (چۆنێتی پێکهاتنی ڕەنگەکان)و (توێژینەوە نەفسی‌یەکان‌و مێشك)ی ئەم سەدەیەمان دادەنرێت . لە پاش کۆچی دوایی زۆربەی وولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوایی لە هەموو وەرزێکی هونەریدا ، هەتا ئەمڕۆژانەی ئێستاشیان لە شارە گەورەکاندا پێشانگای بۆ دەکەنەوە ، لە مانگی (شوبات)ی ئەمساڵدا لە شاری میلانۆ پێشانگایەکی تایبەتی بۆ کرایەوە بۆ ئیشەکانی ئەو چەند ساڵەی لە پاریس‌بووە .

١٤ – Paul Klee – پاول کلێ ١٨٧٩/١٩٤٠)

خەڵکی سویسرا بووە ، باوکی (کلێ) مامۆستای مۆسیقابووە ، هەر لەسەرەتاوە توانای هونەری تێدا بەدی کراوە ، بەشداری بزوتنەوەی (ئەسپ سواری شین) کردووە . ساڵی ١٩٢١ لە قوتابخانەی «باوهاوز» بووە بە مامۆستا . دەربارەی پەیوەندی‌یەکانی نێوان «تیئۆری»و کارە هونەری‌یەکان» گەلێ شارەزابووەو زۆر نووسین لەسەر ئەم مەسەلەیە بلاوکردۆتەوە . . (کلێ) بە بناغەو باوکی هونەری نوێ دادەنرێت .

١٥ – L. Lissitsky – ل . لیسیتکسی ١٨٩٠/١٩٤١) ناودارترین (هونەرمەندی وێنەکێشان)و (ئەندازیاری بیناسازی) سۆڤ‌یەتی‌یە بە ووردی سەرتاپای سۆڤیەت گەڕاوەو بە قولێ چۆتە ناو گیانی زیندووی هونەری وولاتەکەیەوە ، دامەزرێنەری ڕێبازی «کوبۆ – فتوریست»ە . چەندین کاری هونەری و بەرهەمی نووسینی بۆ مناڵان هێناوەتە ژیانەوە . لە مۆسکو کۆچی دوایی کردووە بە یەکێك لە بە تواناترین هونەرمەندانی جیهان دادەنرێت لە ئیشی گرافیك»دا .

١٦ – (H. Matisse – هـ . ماتیسێ ١٨٦٩/١٩٥٤) خەڵکی فەرەنسایە یەکێکە لە بەهێزترین هونەرمەندانی (وێنەکێشان)و (پەیکەر تاشین) لە فەرەنسادا . لە زۆر بزوتنەوەی هونەری‌دا بەشداری کردووە ، سەرەتا لەلای «مخامی» یەك ئیشی کردووە ، پاشان بە تەواوەتی خۆی بە هونەرەو خەریك کردووە ، لە زۆر ئەکادیمیای هونەری‌دا خوێندویەتی ، گەلێ شەیدای ئیمپرێسیۆنیزم» بووە ، هەولێ زۆری داوە بۆ زیندوکردنەوەی هونەری (گۆگان)و (ڤانکوخ) . شارەزایی‌یەکی باشی هەبووە لە هونەری ڕۆژهەلاتی‌یەکاندا ، بە تایبەتی لە سیرامیکی فارسی‌و ئیشی دارو تەختەی یابانی‌یەکاندا . ئەمە جگە لە شارەزایی تەواو لە هونەری ئەفەریقی‌یەکاندا . .

١٧ – P. Mondrian – پ . مۆندریان ١٨٧٢/١٩٤٤) خەڵکی هۆڵندابووە و لە «نیویورك» زۆر ژیاوەو هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە ، یەکەمین مامۆستای (مۆندریان) باوکی بووە .

هونەری مۆندریان خاوەنی تایبەت مەندی‌یەکی خودی خۆیەتی . لەسەر ڕێبازی «سیمبۆلیزم»و «ناتورالیزم» گەلێ ئیشی کردووە . دامەزرێنەری ڕێبازی (نیۆ – پلاستیك)ە کارە هونەری‌یەکانی مۆندریان بوونەتە شکل‌و سیمای کلتوری هۆڵندا . .

١٨ – (E. Nolde – ئـ . نۆڵدێ ١٨٦٧/١٩٥٦) ئەڵمانی‌یە . لە خێزانێکی جوتیارەوە هاتۆتە ژیانەوە ، سەرەتای لاوێتی دارتاش‌بووە لە قوتابخانەی ئیواران خوێندوویەتی‌و خوێندنی تەواو کردووە ، لەسەر ڕێبازی «سیمبۆلیزم) دەستی بە ئیش کردن کردووە . بۆ خوێندن چۆتە پاریس‌و بەشداری بزوتنەوەی «دێ بروکێ»ی کردووە . شەیدای هونەری سەرەتایی‌یانە – Primitivo – بووە . هەتا ئەمڕۆ بە یەکێك لە بە تواناترین هونەرمەندەکانی کلتوری ئیسپرێسیۆنیزم دەزانرێ .

١٩ – Anton Pevsner – ئەنتۆن پێڤسنە (١٨٨٦/١٩٦٢) خەڵکی ڕوسیا بووە و لە پاریس کۆچی دوایی کردووە . لە (کوبیزم) و (فتوریزم)و بزوتنەوە هونەری‌یەکانی ڕوسیادا بەشداری کردووە . ساڵی ١٩٢٠ چۆتە ناو گروپی (کۆبرا)وە . مێژوو نووسێکی هونەری ئەڵمانیش هەیە کە هەمان ناوی هەیە (N. Pevsner – ن . پێڤسنەر ١٩٠٢/ ) بۆ زیاتر شارەزابوون حەزمانکرد ئیشارە بەم ناوەش بدەین .

٢٠ – (M. Utrillo م . ئوتریللۆ ١٨٨٣/١٩٥٥) خەڵکی فەرەنسابووە ، ماڵی شەرعی‌و ئاسایی (سوزان ڤالادۆن)ە ، ئەم ئافرەتە (مۆدێل)ی هونەرمەندە ئیمپرێسیۆنیستەکان‌بووە ، نەزانیی ناوی باوکی ئەم منالە «ئوتریللۆ» لەلای «سوزان» گەورەبوو . ساڵی ١٨٩١ ڕەخنەگرێکی ئیسپانی دەربارەی چارەنووسی ئەم کوڕەی «سوزان» ووتارێکی بلاوکردەوەو تیایدا داوا دەکات ناوێکی شەرعی بۆ بدۆزرێتەوە ، ناو دەنرێت (ماریتسیۆ ئوتریللۆ) پاش چەندین ساڵ ، (سوزان) شوو دەکات بە پیاوێکی بە ختەوەری دەوڵەمەند ، بەلام «ئوتریللۆ» ئەم ژیانە ڕەفز دەکات ، مەسەلەی بێ‌کەسی‌و نەزانینی ڕەچەڵەکی خۆی زۆر کاری تێدەکات‌و بۆ ماوەیەکی زۆر سەردەکاتە سەر خواردنەوەو لە نەخۆشخانە عەقلی‌یەکاندا زۆر ماوە دەکەوێت . خۆی بە کوڕی هونەر دەزانێ ، (سوزان) یش لە بەهرەی هونەری ئەم کوڕەی دڵنیا دەبێت ، لە ماوەیەکی کەمدا توانایەکی هونەری دەوڵەمەندی تیا دەردەکەوێ ، بە تایبەتی ساڵەکانی ١٩٠٨ هەتا ١٩١٤ لە بواری هونەردا ئەوپەڕی ناوبانگ دەردەکات ، ئەم قۆناغەی ژیانی هونەرمەند بە «قۆناغی سپی» ناو دەبرێت .

٢١ – (Wols – ڤۆلس ١٩١٣/١٩٥١) هونەرمەندێکی ئەڵمانی‌یە ، لە قوتابخانەی (باوهاوز)دا بەشداری‌کردووە ، ساڵی ١٩٣٢ چووە بۆ پاریس‌و وەك «وێنەگر»و «مۆسیقاژەن» دەستی بە ئیش‌کردن کردووە لە پێناوی ژیان‌دا ، هەتا ساڵی ١٩٤٦ تەنها ئیشی ناوی‌ی دەکرد ، ئەمەش لە چوارچێوەی تابلۆی زۆر بچوك‌دا . ساڵی ١٩٤٧ بڕیاردەدات بە «زەیت» ئیش بکات . هەتا مردن تەنیا «٤٠» تابلۆی زەیتی بەرهەم دێنێ . . بەم بەرهەمانە بەرزترین ساڵەکانی هونەری هاوچەرخ لە مێژوودا تۆمار دەکات . . بەرهەمەکانی پڕن لە مانای «سیمبوڵ» بە تەواوکەری هونەری (کلێ) دادەنرێت . (ڤۆلس) سەرکەوتوانە ئەو تەکنیکە نوێ‌یەی دۆزی‌یەوە کە توانای دەربڕینی جیهانە شاراوەکانی ناوەوەی دەروونی هەبێت ئەمەش بە هێمنی‌یەکی زۆرو گەڕانێکی بەردەوام . .

**تێبینی‌یەك :**

بۆ ئەم زانیاریانە کەڵکم لە بەرگێکی ئینسکلۆپیدیای هونەر وەرگرتووە کە ساڵی (١٩٧٦) چاپ‌کراوە دیارە نەنووسینی ساڵی مردنی هەندێ لەو ناوبراوانە پەیوەندی بەم سەرچاوەیەوە هەیە ، دیارە پاش ئەو ساڵە مردوون ، وەیان هێشتاکە لە ژیان‌دان .